## کاری شیاو بۆ کەسی شیاو!! ... م. حەمید عەزیز

لەد ێر زەما نەوەئەم کێشەیەلەڕۆژهەڵا تی نا وەڕاست د ا سەری هەڵدا وەو هەتا ئێستا هیچ چا رەسەرێك بۆ ئەم كێشەیەنەكرا وەو نەدۆزرا وەتەوە، بەهیچ شێوەیەك نەلەسەردەمی کۆن و نەلەسەردەمی نوێ کاری شیاو نەبووەبۆکەسی شیاو هەمیشە پێچەوانەکەی راست بووە.

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئەم سیستمەهەڵەیەڕوو لەتەشەنەكرد نەو بەرەو زیا تر هەنگا و ئەنێ، زۆر لەڕۆشنبیرو نوسەرو خا وەن پێنوس لەسەرئەم با بەتەیا ن نوسیوە، بەڵام هیچ سودێکی نەبووە. . . لەو نوسەرەبەنا وبا نگا نەیش، نەجیب مەحفوز، تا ها حسێن، سەلا مەموسا، نەوا ل سەعداوی. . . . هتد. لەڕاستیدا ئەم کێشەیەبەدەست دەسەڵاتەو (میری) ، ئەو ئەتوانێ چا رەسەری بۆ بدۆزێتەوە، بەڵام دەسەڵا ت لەناوچەی ڕۆژ هەڵا ت ی نا وەڕاست دەسەڵا تی تا ك ڕەوی و دیكتاتۆری یەلەبەر ئەوەبەم شێوەیەدەڕوات و خزم و كەسی خۆیا ن و نزیكەكا نیان لەشوێنی پلەو پا یەی بەرز ئەحەوێننەوەو ئەوانیش زۆر بەباشی پاسی ئاغا كا نیا ن دەكەن و ئەبن بەسەربازێكی دڵسۆزو منەتیش ئەكەن بەسەرخەڵكی هەژاردا كەئەمانەشەو نخونی ئەكەن وخەویان لەخۆیان حەرام كردووەبۆ میللەت و لەبەرژەوەندی خاك و وولأت كاردەكەن. بەڵام ئەوەدوورەلەراستی یەوەو تەنها بۆ خۆیان و كەس و كاریانەو سەروەت و سامانی وولاتیش هەموی بەتاڵان دەبەن وهەر بۆیەلەم وولاتەبەپیت وبەرەكەتا نەی ئەم ناوچەیەزۆربەی هەرەزۆری خەڵك هەژارو بێ دەرامەتن. هەرێمەنەگبەتەكەی منیش (با شوری كوردستان) پرژێكی لەم ئاگرەبەركەوتووەو بەهیچ ئاوێك ناكوژێتەوە، كاری شیاویش هەرگیز نی یەبۆ مرۆڤی شیاو لەم دەڤەرە، هەتا خزم و كەسی دەسەڵات (ئیدارەی هەرێم، هەردوولا) هەبێ و ماستاوچی هەبێ، ئەواخەڵكی هەژارهەر ئەبێ زەقەی چاوی بێ وكرێكاری دەستی ماچ ئەكات. یان بەئامرازێكی تر كار بەخەڵك دەدەن كەپسوڵەیەكی حیزبی بهێنێ، بەقەولی خۆیان (تەزكی یەی حیزب) بۆ ئەوەی لێی دڵنیا بن كەلەخۆیانەو ئەم كردەوەیەش، پیشەی حیزبی بەعس بوو، كەچی وانەیەك فێر نەبوون لەودیكتاتۆرەو لەبیریان چو بەعس چی لێ بەسەر هات. هەمووكاتێكیش هەرباس باسی دیموكراتیەتەوهیچمان نەبینی لەوعەدالەتە، زۆربەداخەوەدیارەبەشی ئێمەی كورد هەر هەناسەهەڵكێشان و پیشخواردنەوەیە. دوای چواردەساڵ كەباشور خۆی ئیدارەی خۆی دەكات تازەبەتازەكێشەی كارەبا و، كێشەی ئاوو، كێشەی سووتەمەنی وبێ كاری و یەكسانی كۆمەڵایەتی و. . . . هتد، ئەم كێشانەو زۆری تریش چارەسەرنەكراوەو! ئەمەئەگەر خزم خزمێنەودزی و گەندەڵی نەبێ ئەی شەرم نی یەدوای چواردەساڵ نەتوانن سادەترین و كەمترین ما ف بۆ خەڵك دابین بكەن كەكارەباو ئاوە؟ ئەی چۆن وبۆچی؟ بەملیۆن سەرف ئەكەن بۆ پڕوپاگەندەی حیزبی و دەسەڵات، بەو زەوقەجوانەشەوەبەخۆتان دەڵێن شۆڕشگێڕ كەسیمای وولاتیشیان نا شرین كردین، شارێكی وەك سلێمانی كەمەڵبەندی شۆڕش و كوردایەتی وڕۆشنبیری یەتوخوا جێی خەفەت نی یە، ئا خر لەچ وولاتێ؟ لەچ كیشووەرێ؟ لەچ دێ یەك؟ عامودی كارەبا (سەوزە) ، توخوا لەكوێ تەنەكەی خۆڵ (زەردە) ، . باشەئەگەر هەركەسێكی شیاو بۆ كاری شیاو دابنێن دیواری بەرد وێنەی لەسەرئەكرێت بەڕەنگی ئەمەڵشن وبۆیاخ، جادەی سەهۆڵەكەتان ئاواجوان ئەكەن!؟ ئەوشارەتان ئەتك كرد و بێ ئاوو بێ كارەبا، بێ سوتەمەنی كەچی خۆتان بەئاخرمۆدێل

ئۆتۆمۆبیل و بەبێ شەرمانەبەبەردەم خەڵکی ئەوشارەوەهات وچۆ دەکەن. دیمەنی شاربەشەو لەلادێ ئەچێ کەچی پەنجا ساڵ لەمەو بەرلەشارچووە، بەداخەوەتەنها ماڵەکانی خۆتان ڕوناکەو ئوتێل پالاس (حەسیب ساڵح) ، ئەگێڕنەوەکەئەم ئوتێلەش عایدی خۆتانەشەووڕۆژ کارەباو ئاوی هەیە، کەچی ما ڵی کاك هیوای برادەرم سەد مەتر لەو ئوتێلەوەدوورەئەڵێ (بەخوا ندی و بدی بووین بۆ تۆزێ کارەبا و ئاو لەحەوشەکەوەتەماشای گڵۆپەکانی ئوتێل پالاس ئەکەین چونکەڕەنگی گڵۆپیشمان بیرچۆتەوە) . باوەڕ ناکەم هیچ دەوڵەتێکی دیکتاتۆریش بەم شێوەیەبێت. ئاخر ئەمەیەوەفاکەتان بۆ خەڵکی شەهید پەروەری شارەکەی شێخی نەمروو، شێخ شەهاب و، ، هەزاران شەهیدی تر، زۆر بەداخەوەئەمەجەزای ئەم شارەبێت ئەبێ دوعا بۆ ئەوانی تر بکەین.

2005-11-14 Hamid773@hotmail. com
Hamid773@hotmail. com